# زیندانی هەتاهەتایی بە دوو بازرگانی مادەی هەشبەر کە بە زیاتر لە هەزار و ٤٠٠ حەبی مادەی هەشبەرەوە گیرابوون

ئەمە دووشەممە، دادگای ناوەندیی تاوانەکان سزای هەتاهەتایی لە دژی دوو بازرگانانی مادە هەشبەرەکان بە تاوانی بازرگانیکردن بە مادە هەشبەرەکانەوە دەرکرد.

لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کەدەست ئاژانسی موتەبع گەیشتووە، تەیدا هاتووە: "دادگای تاوانی ناوەندی سزای هەتاهەتایی لە دژی دوو بازرگانی مادەی هەشبەر بە تاوانی بازرگانیکردن بە مادە هەشبەرەکانەوە دەرکرد".

ڕوونیشی کردەوە کە: "هەزار و 460 حەبی مادەی هەشبەر لە سزادراوان دەستی بەسەردا گیراوە، بە مەبەستی بازرگانیکردن و فرۆشتنی لەنێو ئالوودەبووواندا".

ئاماژەی بەوەشدا: "ئەو بەیارە بەپێی بڕگەکانی مادەی ٢٨/یەکەم لە یاسای مادە هەشبەرەکان و مادە دەروونییەکان ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٧ و بەپێی مادەکانی ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ی یاسای سزادان دەرچووە".